حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەكان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م . العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

ژمارە : ٣٦٤     / ٢٧٢ كوردی     ١٠/ ١١ / ٢٠٢٣/ زاینی

# ئاگاداری

## ب/ كەم كردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٨١ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان / كەم كردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (دابین كردنی ئازووقەی تەڕ و ووشك (خۆراك) كە بریتیە لە سێ ژەم / بۆ خانەی منداڵانی كوڕان و كچان ، ماڵی بەساڵاچووانی ئاسایی و ماڵی بەساڵاچووانی پەككەوتە وە ماڵی دالدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێكراو ، وە دوو ژەم / بۆ داینگەكانی پەپوولە و ژین) كە (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو كۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێكی مۆركراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا كۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش كەش بە سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / كارگێری خۆجێیەتی بكرێ وە دوا كاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەكان كاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( پ١ شەممە) ڕێكەوتی ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە كرێی بڵاو كردنەوەی ڕاگەیاندن دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە كەم كردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**<u>مەرجەكانی وەرگرتنی تەندەر:</u>**

- كۆمپانیای تۆمار كراوبێت و تایبەت بێت بە دابین خۆراك .
- ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ كراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٢ .
- ماوەی پرۆژە ( یەك ساڵ ) ە
- كاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری كردنەوەی تەندەرەكە.
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان و بەڵێندەر بكرێت و لەگەڵ تەندەر پێشكەش بكرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەكەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای كات و ڕۆژی دیاریكراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی كۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن كۆمپانیا بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش كڕینی تەندەر بە سەردانی كردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( ١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار كە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە كاتژمێر (٩) ی بەیانی تاكو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**<u>تێبینی :</u>**

دوو ڕۆژ پێش كردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواكراوەكان لەكاتی پێشكەش كردن لەناو تەندەر دابنرێت .

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

**<u>وێنەیەك بۆ :</u>**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ..
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ...
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / تكایە ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەكان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.   | بۆ جێ بەجێ كردن و كاری پێویست......
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پێی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پێی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ كاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەكە .
- ✓ خولاو

عبدالرحمن ١٠/٥